کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:31 24-1-2007

# تەنها لەسرودێکدا زیندوو بووم لەویشدا کوشتمیان ... سالارتوتمانی

زەمانێك ڕەقیب هەبوو. ، کەنارنجۆکەکەی نێو مشتی " ئاسۆی دەلاك" لەسەر پێ بوو، ئەو عەیامە دەوروبەرم دەیانخوێندمەوەو چاودێربوون بەسەرمەوە کەبەردە مێژوینەکەی سەرپشتی (غەریب هەڵەدنی) بەدەیان دەفتەرە دۆلاری دەکردوو نەیفرۆشت و بەخشیەوە بەمۆزەخانەی نیشتمانی، لەکاتێکدا تەلەفزیۆنێکی ڕەش وسپی نەبوو چاوپێکەوتنەکەی خۆیی تێدابببینی.
تازە ئەم خاك و خۆڵە دەست ناداتەوە بشێلینەوەو پاڵەوانی دیکەی لێبخولقێنینەوە، بەتانکەکانی ئەواندا بتەقنەوە.
ئەم کوێرە ڕێگا یانەش ناچنەوە سەرپشتی یەکترین و شاڕێیەکی لێدروست نابێت نەمانبەنەوە بەردەم کەندەڵا نێکی تر. کەواتە جێگای خۆیەتی بۆ هەتاهەتایە. . . ئەو وردیلە دە مارەش بکوژن کەلە بناگوێی سرودەکەی دڵداردا گومانێکی تێدا ماوە. . . ،
من کەمردووم بۆ بەدرۆ هاواربکەم (زیندووم و هەرنامرم) من کەتێکی شکاند سنورەکانم (جەنگی من و خۆم) . . بۆخوداش لەخۆم بڕەنجێنم کە (نایشکێنی دانەری تۆپی زەمان)
من کەبەشێکم لەنیشتیمانی عەرەب بۆخۆم گێل بکەم بەویردی (دینمان ئاینمان هەرنیشتیمان)
جێگەی خۆیەتی بەسرودێکی نوێو ئاوازێکی نوی بانگ بدەنەوە بەگوێمدا و گەروم دارە دارە پێبکەنەوە.
. کەلەگەڵ ئاووهەوای باشور ی مەملەکەتی دووروباردا هاو تەریب بێتەوە
ئاخر. ئەو عەسرو عەیامە (دڵداری شاعیر) پەنجەی دەکرد بەچاوی ڕەقیبدا و گوێی ڕادەکێشاو پێی دەوت (ماوەقەومی کورد زوبان) هەموو ڕۆژێ (عەولەسیس) ی لەسەرا دا دەبینی کەپەتی سێدارە لەگەردنیدا دەپسا.
ئەو سروودی بۆسەردەمی (فایلەکان) نەچڕیبوو. . . ئەوە ئێمەین بەهەڵە کردومانە بەمارشی نیشتیمانی. . . هەق وایە لەپاش وەلا خستنی ئەم سرودە دەسەڵات داوای لێبوردن لەدڵدارو لەشیعر بکات. .
پێویستیشە سرودی نوێی مارشی نیشتیمانی هەڵقوڵاوی واقعی ئەم سەردەمەی خۆی بێت. نەبوونی سوتەمەنی و کارەبا و گەندەڵی و تەلارو ڤێلا بەرزەکانی لێپرسراوان لەبەیتەکانی دا فەرامۆش نەکات، دەنا ناتوانین لە (تەحیە عەلەم) ی پێنج شەماندا بیلێینەوە.
پێویستیش ناکات کوردستانی گەورە پەلکێش بکەین بۆناو سرودی نوێی نیشتیمانی، چونکەدڵنیام چەند ساڵێکی دیکە لەم سرودەش پەشیمان دەبینەوە، لەبەر ئەوە پێدەچێت هەنار دەی سرودێکمان لەدەرەوەی مەملەکەتەوە بۆ سێنت بکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.